# هەڕەشە و دەرفەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ تورکیا لە ساڵی ٢٠٢٥

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی- زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکێکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ناوچەکە؛ ئەم پێشکەوتنە هەم لە ڕووی ژیانی سیاسی،ی هەمیش لە ڕووی تەکنەلۆژیەوە دەبینرێت. جگە لەمە ئەنقەرە بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکات ببێتە هێزێکی هەرێمی و تا ڕاددەیەکیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش هەوڵ و کۆششەکانی دیارن بۆ ئەوەی پێگە و قورسایی خۆی بخاتە ڕوو. لە پاڵ ئەم خاڵە گرنگانە، لە ڕووی مێژوویشەوە تورکیا پەیوەندییەکی مێژوویی پتەوی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و زۆربەی وڵاتانی جیهان هەیە، بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بێت لەژێر کۆنترۆڵی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بووە.

 لە ساڵەکانی 2023 و 2024 هەندێك پێشهاتی گرنگ لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهاندا ڕوویان دا، کە سەرەکیترینیان هێرشەکانی حەماس بوو بۆ سەر ئیسرائیل لە 7ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2023. ئەم ڕووداوە خاڵێکی وەچەرخانە لە ناوچەکە، چونکە دوای ئەم ڕووداوە ئیسرائیل سوور بوو لەسەر لاوازکردن و کۆتاییهێنان بە نفووز (دەستڕۆیشتوویی)ی ئێران لە ناوچەکەدا. ئەمەیش بەش بە حاڵی خۆی، چەندان ڕووداوی گرنگی دیکەی بە دوای خۆیدا هێنا و لە کۆتاییدا بە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد گەیشتە لووتکە. بێ گومان ئەم پێشهاتانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر تورکیا هەیە؛ جا چ لەسەر ئاستی ناوخۆدا بێت و چ لەسەر ئاستی دەرەکی.

بۆیە هەوڵ دەدەین لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێشهاتە گرنگ و گەورانە لە ناوچەکەدا، گرنگترین ئەو هەڕەشە و دەرفەتە ناوخۆیی و دەرەکییانە بخەینە ڕوو کە پێشبینی دەکرێت تورکیا لە ساڵی 2025 ڕووبەڕووی ببێتەوە.

**دەرفەتەکانی تورکیا لە ساڵی ٢٠٢٥ کامانەن؟**

ساڵی 2025 لەوانەیە بۆ تورکیا هەندێك دەرفەت لە بوارە جیاجیاکاندا لەخۆ بگرێت. تورکیا بە شێوەیەکی گشتی، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، ڕووبەڕووی کێشەی ناوخۆیی و دەرەکیی زۆر بۆتەوە. گرنگترین ئەو گرفتانەی کە ئەنقەرە ڕووبەڕووی بۆتەوە بریتییە لە قەیرانی دارایی و ئابووری و داتەپینی بەهای لیرەی تورکی. ئەم بارگرانییە ئابووری و داراییەی تورکیا، بۆتە هۆی تێکچوونی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنیی ئەو وڵاتە. بێ گومان تا ئێستا ئاك پارتی بە سەرۆکایەتیی "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان" توانیویەتی تا ڕاددەیەك کۆنترۆڵی جومگە گشتی و سەرەکییەکانی بکات و وڵات لەژێر ڕکێفی خۆیدا بهێڵێتەوە. بەڵام تا چ ئاستێك و تا کەی ئەمەی پێ دەکرێت، ئەوە بابەتێکی گرنگە کە پێویستە لەسەری

بوەستین. لەم چوارچێوەیەدا پێشهات و ڕووداوە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان دەبێت لەسەر ڕەخساندنی دەرفەتەکان بۆ تورکیا، بەتایبەت لە ساڵی 2025. بۆیە دەتوانین بەگشتی ئەم خاڵانەی خوارەوە پێشبینی بکەین وەکوو دەرفەتێك بۆ تورکیا لە ساڵی 2025:

**یەکەم:**

دەرفەتی سەرەکی بۆ تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆ بۆ ساڵی 2025 لە ڕووی ئابوورییە. ئەگەر ئەنقەرە بتوانێ لە چوارچێوەی ئەو هاوکێشە تازانەی کە لە ناوچەکەدا هاتۆتە کایەوە، خۆی بخزێنێتە هاوکێشە و بارودۆخە نوێیەکە، ئەوە بێ گومان لە ڕووی ئابوورییەوە سوودی بۆ تورکیا دەبێت. ئەم سوودەیش لەسەر ئاستی ناوخۆ هەستی پێ دەکرێت، چونکە ئێستا ئابووریی تورکیا لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایە؛ بۆ نموونە ئەگەر ئەنقەرە بتوانێ بەتایبەت لە سووریا وەك هێزێکی گرنگ و ستراتیژ بەشداری بکات، ئەوە بێ گومان لە ڕووی دووبارە بنیاتنانەوەی سووریا زیاتر پشت بە ئەنقەرە دەبەسترێت، چونکە ئەگەر سووریا لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی و وڵاتانی کەنداوەوە پاڵپشتیی لێ بکرێت، کە پێشبینییەکان بەم ئاراستەیەیە، ئەوە هەڵمەتێکی بەرفراوانی دووبارە بنیاتنانەوەی سووریا دەست پێ دەکات. لێرە تورکیا دەتوانێ ئەمە بکاتە دەرفەتێك بۆ خۆی و، سوود و قەزانجێکی ئابووریی باش مسۆگەر بکات.

**دووەم:**

سووریا لە دوای 8ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2024، سەرەڕای ئەوەی بارودۆخەکە لە سووریا جارێ بەتەواوەتی یەکلایی نەبووە و جێگەی نیگەرانییە، پێی ناوەتەوە قۆناغێکی تازەوە؛ بەڵام دەکرێ ئەم بابەتە بکرێتە درەفەتێك بۆ تورکیا لە ڕووی گەڕانەوەی ئەو پەنابەرە سوورییانەی کە لە تورکیا نیشتەجێن. بەپێی دوایین لێدوانی لە دووتوێی ئەو وتارەی کە لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکانی بوودجەی ساڵی 2025 پێشکەشی کرد، وەزیری ناوخۆی تورکیا، عەلی یەرلیکەیا - Ali Yerlikaya) کە لە 15ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2024 لە پەرلەمانی تورکیا ڕای گەیاند، ژمارەی ئەو پەنابەرە سوورییانەی کە بەفەرمی تۆمار کراون و ئێستا لە تورکیان بریتییە لە (2.938.261) پەنابەر. بۆیە ئەم بابەتە کێشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەمنیی بۆ تورکیا دروست کردووە. حزبی دەسەڵاتدار بەم هۆیەوە ڕەخنەی زۆری ئاراستە کراوە و تا ئێستایش ئەم ڕەخنانە جگە لەلایەن گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆن، لەسەر ئاستی جەماوەرییش زیادی کردووە. بۆیە دەکرێ لە ساڵی 2025 ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد وەکوو دەرفەتێك بێت بۆ ئامادەکردنی کەشوهەوای لەبار بۆ گەڕاندنەوەی ئەم پەنابەرانە بۆ سووریا. هەرچەندە لەگەڵ ڕووخانی ئەسەد ژمارەیەکی کەمی ئەم پەنابەرانە دەستیان بە گەڕانەوە کردووە بۆ سووریا، بەڵام ژمارەکە زۆر دڵخۆشکەر نییە بۆ تورکیا، چونکە هەر بەپێی لێدوانی فەرمیی حکوومەتی تورکیا، لە دوای ڕووخانی ئەسەد لە 8ی کانوونی یەکەمەوە تا 14ی کانوونی یەکەم، ژمارەی ئەو پەنابەرانەی کە لە تورکیاوە گەرانەوونەتەوە سووریا (1607) پەنابەرە؛ پێش ڕووخانی ئەسەدیش نزیکەی (240) پەنابەر گەڕابوونەوە سووریا. بەم پێیە کۆی گشتیی ئەوانەی گەڕاونەتەوە، گەیشتۆتە (1847) پەنابەر.

لەم خاڵەدا دەکرێ ئەم هەنگاوە بکرێتە دەرفەتێك بۆ ئەنقەرە بۆ ئەوەی لە لایەك ڕێگە خۆش بکات بۆ گەڕانەوەی پەنابەرەکان و، لە لایەکی دیکەوە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی ئەوروپی دابنێ بۆ ئەوەی بابەتی گەڕاندنەوە بە شێوەیەکی دروست ئەنجام بدرێت و یارمەتیی دارایی بۆ

جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە وەربگرێت.

**سێیەم:**

تورکیا لەسەر ئاستی سیاسیی ناوخۆییدا بە هەمان شێوە، گرنگترین دەرفەتی لەبەردەمدایە ئەگەر بتوانێ بەباشی بەڕێوەی ببات، ئەویش ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسییە لەسەر ئاستی ناوخۆدا. بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیەیش بێ گومان پێویستە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دووبارە دەست پێ بکاتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی ناوچەکە گۆڕانکاریی جددیی بەسەردا هات، بەتایبەت پاش ئەوەی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل (بنیامین نەتانیاهۆ) ئاماژەی بە گۆڕینی هاوکێشە و نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد؛ چونکە لە ڕاستیدا ئیسرائیل هەنگاوی جددیی ناوە لەم بارەیەوە. بۆیە ئەنقەرەیش زۆر گرنگە خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە بگونجێنێت؛ بەپێچەوانەوە لە دەرەوەی هاوکێشە نوێیەکەدا دەمێنێتەوە.

لەبەر ئەم هۆکارەیە دەبینین لە تورکیا، بەتایبەت لە بواری کێشەی کورددا، کار بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی دەکرێت. بۆیە دەکرێ لێدوانەکانی بەرپرسانی تورکیا لە لایەك و دەم پارتی لە لایەکی دیکە دەربارەی ڕێکخستنی چاوپێکەوتنێك لە نێوان "عەبدوڵڵا ئۆجەلان" و ئەندامانی پەرلەمانی دەم پارتی و پشتگیریکردنی ئەم هەوڵانە لەلایەن "دەوڵەت بەخچەلی"، سەرۆکی توندڕەوترین حزبی نەژادپەرستی تورکیا (مەهەپە)وە، لە چوارچێوەی ئەم پێشهات و ڕووداوانە شیکردنەوەی بۆ بکرێت. بەڵام پێ ناچێت لایەنەکان لەسەر ئەم بابەتە ڕاستگۆ بن، چونکە ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە ئامانجی سەرەکیی ئەم جۆرە نزیکبوونانە، بریتییە لە کاتکوشتن و خۆکۆکردنەوە؛ هەر کاتێك بارودۆخەکە بگۆڕدرێت، ئەوە هیچ لایەنێك پابەندی بەڵێنەکانیان نابن. بەڵام سەرەڕای ئەم نیگەرانییانە دەربارەی پرۆسەی ئاشتی، دەکرێ بەڕاستی، ئەگەر لەژێر گوشاری ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتییش بێت، هەنگاوی جددی لەم بوارەدا بنرێت و کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکرێت لە تورکیا، کە چەندان ساڵە ژیانی سیاسیی تورکیا بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

**چوارەم:**

تورکیا لە چوارچێوەی پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناچەکە و تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش دەتوانێ لە سایەی پێگە ستراتیژییەکەیەوە وەکوو ناوبژیوانێك دەربکەوێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەن، وەکوو کێشەی لوبنان، فەلەستین، سووریا، یەمەن و عێراق؛ هەروەها جگە لەمەیش ئەنقەرە ئەگەر بیەوێ، دەتوانێ لە جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا ڕۆڵێکی کاریگەرتر ببینێ. تورکیا وەکوو وڵاتێکی کاریگەری ناوچەکە ئەم توانایەی هەیە و ئەگەر ستراتیژییەکی باش دابڕێژێت، ئەوە دەکرێ لە ساڵی 2025، بەتایبەت لەگەڵ دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ)، وەکوو ناوبژیوانێکی کاریگەر دەربکەوێت و لە ئەنجامدا لە ناوچەکە و جیهاندا بەهێزتر دەبێت.

**هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سەر تورکیا لە ساڵی ٢٠٢٥ چین؟**

پێشبینی دەکرێت تورکیا جگە لەو دەرفەتانەی کە لە ساڵی 2025 بۆی دەڕەخسێت، ڕووبەڕووی هەندێك هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکیی جددی ببێتەوە. دەتوانین گرنگترین ئەو هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییانە بەم شێوەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**یەکەم:**

تورکیا چەند ساڵە بەدەست قەیرانی ئابووری و داراییەوە دەناڵێنێت. ئەم قەیرانە گەیشتۆتە ئاستی بێزارکردنی هاووڵاتی؛ ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ڕەوشی سیاسیی وڵات هەبووە و ئەم ڕاستییە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش دەرکەوت، کە خەڵك چەند لە ئاك پارتی بێزارن. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین کێشەی ئابووری گرنگترین هەڕەشەی ناوخۆییە لە تورکیا بۆ ساڵی 2025، چونکە ڕێژەی هەڵاوسان، کە لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیەنراوە بۆ مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2024، بریتی بوو لە (47.09%)؛ هەرچەندە بانگەشەی ئەوە دەکرێت گوایە ڕێژەی هەڵاوسانی ڕاگەیەنراو لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە بە شێوەیەکی فەرمی، ڕێژە ڕاستەقینەکە نییە و ڕێژەی هەڵاوسانی ڕاستەقینە زۆر لەم ڕێژەیە زیاترە. بۆیە دەتوانین بڵێین یەکێك لە کێشە هەرە گرنگەکانی ساڵی 2025 ڕێژەی هەڵاوسان دەبێت.

جگە لەمە ڕێژەی بێکاری لە تورکیا بەپێی ئامارە فەرمییەکان گەیشتۆتە (8.8%). هەروەها قەرزی گشتیی تورکیا بەپێی ئامارە فەرمییەکان (512) ملیار دۆلاری ئەمریکییە، کە ئەمەیش بەنیسبەت ئابووریی تورکیا بڕێکی زۆرە. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت بابەتی قەرزی تورکیا ببێتە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی ساڵی 2025.

سەرجەم ئەم خاڵانە، بوونەتە هۆکار بۆ دابەزینی بەهای لیرەی تورکی. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە پێشبینی دەکرێت لە 2025 بەهای لیرەی تورکی زیاتر دابەزێت و کێشەی دارایی و ئابووریی زیاتر دروست بکات و توانای کڕینی هاووڵاتیی تورکی زیاتر دابەزێنێت.

**دووەم:**

فراوانتربوونی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ئالنگارییەکی دیکەیە کە پێشبینی دەکرێت ڕووبەڕووی تورکیای ساڵی 2025 ببێتەوە؛ چونکە چاوەڕوان دەکرێت ناڕەزایەتییە گشتییەکان بەهۆی کێشە ئابوورییەکان و بەرتەسککردنی ئازادییە گشتییەکان لە تورکیا، زیاتر و فراوانتر بێت و داواکارییەکانی زیاتر پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی ئازادییە سیاسییەکان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕوونتر بەدەردەکەون.

بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پێشبینی دەکرێت داواکارییەکانی پابەندبوون بە مافە سیاسی و مەدەنییەکانی تایبەت بە ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی ڕۆژنامەگەری، لەوانەیە لە ساڵی 2025 پێ بنێتە قۆناغێکی نوێوە، چونکە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، گوشارێکی بەرچاو لەسەر حکوومەتی تورکی هەیە بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و دانانی کۆتوبەند بەسەر ڕۆژنامەنووسان و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن.

**سێیەم:**

هەڵبژاردنە گشتییەکان و هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری تورکیا، خاڵێکی ترە لەو خاڵانەی کە لەوانەیە لە ساڵی 2025 بورووژێنرێت، چونکە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە تورکیا دەمێکە خراوەتە ڕوو و بەتایبەت لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن جەختی لەسەر دەکەن. هۆکارەکەیشی بۆ خراپیی باری دارایی و ئابووریی وڵات و

بەرتەسککردنی ئازادییەکان دەگەڕێتەوە.

هەروەها ئاك پارتی لەم قۆناغەیشدا پەنای بردۆتە بەر سیستەمی دانانی "قەیووم" بۆ ئەو شارەوانییانەی کە کاندیدانی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن تیایدا سەرکەوتوو بوونە. لەم چێوارچێوەیەدا سەرۆکی گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆن (ئۆزگور ئۆزەڵ - Özgür Özel) پێشنیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی کرد لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2025. بۆیە ئەم بابەتەیش یەکێك لەو بابەتە گرنگانەیە کە چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی 2025 ڕووبەڕووی تورکیا ببێتەوە. بەردەوامیی خراپیی باری دارایی و ئابووری لە تورکیا و چارەسەرنەکردنی، زیاتر لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و ڕای گشتی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە هان دەدات، کە ئەگەری ئەنجامدانیشی لە ساڵی 2025 لە ئارادایە.

لە لایەکی دیکە لە تورکیا، بەتایبەت لەگەڵ گەیشتنی ئاك پارتی بۆ دەسەڵات، جۆرە جەمسەربەندییەك سەری هەڵداوە؛ واتا کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی سیاسەتی لایەنەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، دابەشی سەر دوو جەمسەر بۆتەوە: یەکێکیان بە سەرۆکایەتیی ئاك پارتی کە خۆی زیاتر لە پارێزگارەکان دەبینێ. ئەوەی تریان بە سەرۆکایەتیی گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆن (جەهەپە)یە. لەم چەند ساڵەی ڕابردوو دوای ئەوەی "جەهەپە" گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ناتوانێت بەتەنیا لە هەڵبژاردنەکاندا شکست بە ئاك پارتی بهێنیت، پەنای بردۆتە بەر دەنگدەری کورد و بە شێوەیەکی گشتییش کاری لەسەر دەنگدەری ڕاستڕەویش کردووە.

بێ گومان پێشبینی دەکرێت ئەم ململانێیە لە ساڵی 2025یش درێژەی پێ بدرێت و لەوانەیە بگاتە ئاستێکی بەرزتر و، نەتوانرێ ئاوا بەئاسانی چارەسەر بکرێت. بۆیە خاڵێکی دیکەی مەترسیدار کە چاوەڕێی تورکیا دەکات، دابەشبوونی کۆمەڵگەیە بەسەر دوو جەمسەری دژ یەك، کە لە ئەنجامدا ئەمە دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووری و ئەمنی.

**چوارەم:**

کێشە یاخود قەیرانی کورد لە تورکیا، بەتایبەت لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە، پێی ناوەتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە و لەگەڵ دامەزراندنی "پەکەکە" و دەستپێکردنی شەڕ و پێکدادان لە نێوان سوپای تورکیا و چەکدارانی پەکەکە، ئەم بابەتە هەمیشە ئاسایشی تورکیا و ژیانی سیاسیی لەم وڵاتەدا خستۆتە مەترسییەوە. دیارترین هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، لە سەردەمی ئاك پارتی دەستی پێ کرد، بەڵام لە کۆتاییی ساڵی 2015 شکستی هێنا. بێ گومان چاوەڕوان ناکرێت ئەم بابەتە بە ساڵێك چارەسەر بکرێت و باردۆخەکە ئارام بێتەوە، بەڵام پێشبینی دەکرێت هەنگاوی جددی لە ساڵی 2025 بنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا؛ چونکە ناوچەکە گۆڕانکاریی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت و لەوانەیە لە هاوکێشە نوێیەکاندا کورد ڕۆڵی زیاتری پێ بسپێردرێت. بۆیە ئەنقەرە ناچارە ئەمساڵ هەندێك هەنگاوی جددی و ڕاستەقینە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا بهاوێژێت.

ئەم کێشەیە دوو ڕەهەند لەخۆ دەگرێت: ڕەهەندی یەکەمیان لەسەر ئاستی ناوخۆییە، چونکە کورد لە ژیانی سیاسیی تورکیادا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و دەبێت. لەسەر ئاستە هەرێمییەکەیش کورد ڕۆڵ و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئێران و سووریا و عێراق. هەر گۆڕانکارییەکیش لە ناوچەکەدا ڕوو بدات، بێ گومان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پێگە و ڕۆڵی کورد لە تورکیا دەبێت.

**پێنجەم:**

ئامادەکردنی دەستوورێکی مەدەنیی نویٚ بۆ تورکیا، بابەتێکی ناوخۆیی دیکەیە کە لەوانەیە لە ساڵی 2025 زیاتر بورووژێنرێت؛ چونکە بەو دەستوورەی ئێستا سەرۆککۆماری تورکیا و سەرۆکی ئاک پارتی ناتوانێت خۆی دیسان کاندید بکاتەوە. یەکێك لە ڕێگەکانی هەڵگرتنی ئەم بەربەستە، ئەنجامدانی گۆڕانکارییە لە دەستووری تورکیا یاخود ئامادەکردنی دەستوورێکی نوێیە؛ ئەمەیش هەنگاوێکی ئاسان نییە و پێویستی بە دەنگی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. بۆیە پێشبینی دەکرێت لە ساڵی 2025 بابەتی ئامادەکردنی دەستوورێکی نویٚ، ببێتە یەکێك لەو بابەتانەی کە مشتومڕی زۆری لەسەر بکرێت؛ چونکە <u>ئەردۆغان بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەستووری ئێستا دەستوورێکە لەلایەن کودەتاچییەکانەوە ئامادە کراوە</u> و تا ئێستایش نزیکەی 21 جار هەموار کراوەتەوە؛ بۆیە بەم شێوەیەی ئێستا دەستووری تورکیا سوودی نییە و کەموکوڕیی زۆری لەخۆ گرتووە و، پێی وایە ئامادەکردنی دەستوورێکی نویٚ و مەدەنی و هاوچەرخ کە لەگەڵ پێشهاتەکان بگونجێت، باشترین بژاردەیە. بەڵام بەهۆی ئەوەی تێڕوانینی لایەنەکان بۆ ئامادەکردنی دەستوورێکی نویٚ، جیاوازە، ئەم کارە ئاسان نابێت و پێشبینی دەکرێت هەنگاوی جددی لەم بارەیەوە لە ساڵی 2025 بنرێت.

**شەشەم:**

پەیوەندییە دەرەکییەکانی تورکیا لە ساڵی 2025 زۆر گرنگن، بەتایبەت لەژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕوویان داوە. سەرەتا پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و یەکێتیی ئەوروپا، بەهۆی بابەتەکانی مافی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی ئازادیی سیاسی، جیاوازیی تێڕوانینی هەردوو لا بۆ کێشەی کورد، لەوانەیە لە ساڵی 2025 بچێتە قۆناغێکی نوێوە، چونکە بەڕاستی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو لا دەربارەی ئەم بابەتانە زۆر قووڵن و ناتوانرێت ئاوا بەئاسانی چارەسەر بکرێن. بۆیە پێشبینی دەکرێت پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا لە ساڵی 2025، بەسەختی بەڕێوە بچێت.

لە لایەکی دیکە، پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و واشنتۆن دوای هەڵبژاردنی "دۆناڵد ترەمپ" وەکوو سەرۆکی نوێی ئەمریکا، لەوانەیە پیٚ بنێتە قۆناغێکی جیاوازترەوە، چونکە بوونی چەکدارانی نزیك لە پەکەکە لە سووریا، کڕینی سیستەمی بەرگریی ئیس-400 لەلایەن تورکیا و بابەتی مافەکانی مرۆڤ و کێشەی پرۆژەی فڕۆکەکانی ئێف-35 و بابەتی جەنگی حەماس و ئیسرائیل، گرنگترین ئەو بابەتانەن کە چاوەڕوان دەکرێت ئەمریکا و تورکیا لە ساڵی 2025 ناکۆکییان لەبارەوە هەبێت. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو جیاوازی و کێشەیە، پیٚ ناچێت واشنتۆن ئاوا بەئاسانی واز لە هاوپەیمانێکی گرنگی وەکوو تورکیا بهێنێت، بەتایبەت لە کاتێکدا گوشارەکان بۆ سەر ئێران زیاتر بووە؛ لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە تورکیا لە بابەتی ڕاگرتنی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا ڕۆڵێکی ئەرێنی ببینیٚ. بەڵام سەرەڕای بوونی ناکۆکی دەربارەی ئەو بابەتانەی کە ئاماژەمان پیٚ کرد، پێشبینی دەکرێت پەیوەندییەکانی ئەنقەرە – واشنتۆن، بەتایبەت پەیوەندییەکانی (ئەردۆغان – ترەمپ) پیٚ بنێتە قۆناغێکی جیاوازترەوە، کە تیایدا بەرژەوەندییە باڵاکانی هەردوو لا بەسەر ناکۆکییەکان زاڵ بێت و، هەوڵ بدەن هەندیٚ هەنگاوی هاوبەش بەیەکەوە لە ناوچەکەدا بنێن.

هەر لە ساڵی 2025، بابەتێکی دیکە لە ئارادایە کە لەوانەیە کاریگەریی زۆری هەبیٚ، ئەویش پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ڕووسیایە. سەرەڕای ئەوەی وا دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕووسیا لە ئاستێکی باشدایە بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم پەیوەندییە لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی لەناکاو لەوانەیە بەرەو خراپی

ڕوات؛ چونکە تورکیا لە هەندێك بابەتدا لەگەڵ ڕووسیاش كۆك نییە و بۆچوونی جیاوازیان هەیە.

گرنگترین ئەو بابەتانەی کە ئەنقەرە و مۆسكۆ لە بارەیەوە كۆك نین سووریایە، بەتایبەت بابەتی بوونی چەکدارانی پەیەدە لە سووریا. هەر لە دوایین لێدوانی سەرۆککۆماری تورکیا (ئەردۆغان) دەربارەی چەکدارانی پەیەدە ڕای گەیاند "**ئەگەر چەك دانەنێن، لە سووریا ژێرخاك دەکرێن.**" ئەمە توندترین لێدوانی تورکیایە دوای ڕووخانی ئەسەد دەربارەی چەکدارانی پەیەدە، لە کاتێکدا پێش ئەم لێدوانەی "ئەردۆغان"، سەرۆکی ڕووسیا "ڤلادیمیر پووتین" ڕای گەیاندبوو "**دەبوایە کێشەی کورد لە سەردەمی ئەسەد چارەسەر بکرابایە، بەڵام نەکرا و ئێستا پێویستە کار لەسەر چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکرێت لەگەڵ ئەو هێزانەی کە کۆنترۆڵی سووریا دەکەن؛ هەروەها تورکیا پێویستیی بە پاراستنی ئاسایشی خۆی هەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان و، ئێمە هەموومان ئەم بابەتە تێ دەگەین.**" لەم پەیامەی پووتین بۆمان دەردەکەوێ کە جیاوازییەك هەیە لە تێڕوانینی هەر یەك لە پووتین و ئەردۆغان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، چونکە هەڵوێست و تێڕوانینی ئەردۆغان بەراورد بە پووتین توندترە و، پێشبینی دەکرێت لە ساڵی 2025 ئەم بابەتە کاریگەریی هەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕووسیا لە لایەك و وڵاتانی دیکە لە لایەکی تر.

**حەوتەم:**

پەیوەندییەکانی تورکیا – ئێران دوای ڕووخانی ئەسەد و لاوازبوونی ئێران لە لوبنان و فەلەستین و یەمەن و ناوچەکەدا پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ، چونکە لە قۆناغەکانی ڕابردوودا ئێران توانیبووی لە ڕێگەی هێزە پرۆکسییەکانییەوە وەکوو هێزێکی هەرێمی دەربکەوێ و بتوانێ لە ڕێگەی ئەم هێزانەیەوە گوشار بخاتە سەر وڵاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. بەڵام دوای کوژرانی ئیسماعیل هەنییە و حەسەن نەسروڵڵا و ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد، ئێران گەورەترین گورزی بەرکەوت و لە ناوچەکەدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەستڕۆیشتوویی و پێگەی لاواز بوو.

دوای ئەم پێشهاتانە پێشبینی دەکرێت ئەم ڕووداوانە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و تاران هەبێت. ڕاستە ئەم دوو وڵاتە لە ماوەی ڕابردوودا تا ڕادەیەك وەکوو دوو وڵاتی دۆست و هاوپەیمان بەدەرکەوتبوون بەڵام لە قۆناغەکانی داهاتوو، بەتایبەت پاش ڕووخانی ئەسەد لە سووریا، چاوەڕوان دەکرێت پەیوەندیی ئەم دوو وڵاتە وەکوو جاران نەمێنێ، چونکە لەمەوبەدوا بەرژەوەندیی هەردوو لا زۆر زەحمەتە بەیەك بگات. بۆیە ساڵی 2025 دەبێتە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ و جیاواز لە ڕووی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و تاران. لەوانەیە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە ساڵی 2025وە هەندێك گرژیی تێ بکەوێ، بەڵام پێشبینی ناکرێت بەتەواوەتی بپچڕێت.

**سیاسەتی تورکیا لە هەمبەر ڕۆژاوای کوردستان و باشووری کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٥ چۆن دەبێت؟**

تورکیا هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێی کرد، بە هیچ شێوەیەك ئەوە قبووڵ ناکات چەکدارانی پەکەکە و پەیەدە لە ڕۆژاوا و باشووری کوردستان هەبن؛ هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە، بەتوندی لە هەرێمی کوردستان و سووریادا ڕووبەڕووی پەکەکە دەبێتەوە. سەرەتا لە باشووری کوردستان ئەنقەرە چەند ساڵە هەوڵی داوە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ "پارتی دیموکراتی کوردستان" دابنێت و تا ڕادەیەکیش لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوبەشی هەردوو لا پەیوەندییەکان گەیشتۆتە ئاستێکی باش. هەروەها سوپای تورکیا ناوبەناو

ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدات بە مەبەستی لەناوبردن یاخود لانی کەم لاوازکردنی پەکەکە لە خاکی هەرێمی کوردستاندا. بەهۆی ئەم شەڕ و پێکدادانەی هەردوو لا، ناوچەیەکی فراوانی خاکی هەرێمی کوردستان چۆڵ کراوە و دانیشتووانی سەدان گوند لە شوێن و حاڵیان بوونەتەوە.

بەپێی لێدوانی بەرپرسانی تورکیا، ئەنقەرە بەردەوام دەبێت لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی لە خاکی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2025؛ تەنانەت بارودۆخی عێراق و ناوچەکە ئەگەر خراپتر بێت ئەوە پێشبینی دەکرێت هێرش و جموجۆڵی هێزەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و عێراق زیاتر بێت. لە پاڵ ئەم پێشهاتانە، جگە لەمە تورکیا نیگەرانە لە جموجۆڵەکانی پەکەکە لەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان"دایە. هەر لەبەر ئەمەیشە ناوبەناو سوپای تورکیا هێرشی ئاسمانی بۆ ئەم ناوچانە ئەنجام دەدات و تەنانەت بۆ گوشارخستنە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، قەدەغەکردنی گەشتی ئاسمانیی بۆ سەر فڕۆکەخانەی سلێمانی ڕاگەیاندووە. واتا بەرپرسانی تورکیا ڕایان گەیاندووە تا جموجۆڵەکانی پەکەکە لە سلێمانی و دەوروبەری قەدەغە نەکرێت یاخود لانی کەم سنووردار نەکرێت، ئەوە بەردەوام دەبێت لەسەر گوشار و هێرشەکانی بۆ سەر ئەم ناوچەیە بە بیانووی بەئامانجگرتنی چەکدارانی پەکەکە. پێشبینی دەکرێت لە ساڵی 2025یش ئەم گوشارە بەردەوام بێت و تەنانەت چاوەڕوان دەکرێت هێرشە ئاسمانییەکان چڕتر بکرێن، چونکە بەرپرسانی تورکیا چەندان جار بەئاشکرا نیگەرانییەکانی خۆیان لەم بارەوە خستۆتە ڕوو و بە هیچ شێوەیەکیش سازشی لەسەر ناکەن و تەنانەت ناوبەناو هەڕەشەی سەپاندنی سزای زیاتر و هێرشی توندتر دەکەن.

لە لایەکی ترەوە، ئەنقەرە زۆر بەجددی کار لەسەر چەککردنی چەکدارانی پەیەدە دەکات و ئەردۆغانیش بەئاشکرا هەڕەشە لە پەیەدە دەکات و سوورە لەسەر بەکارهێنانی هێز لە دژی پەیەدە و چەکدارانی. پەیەدە لە ڕوانگەی تورکیاوە لەگەڵ داعش هیچ جیاوازییەکیان نییە و لە ساڵی 2025یش لەژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی سووریا و ناوچەکەدا، پێشبینی دەکرێت ئەنقەرە هێز لە دژی پەیەدە بەکار بهێنێت. تەنانەت ئەگەر ئەمریکاش گوشار بخاتە سەر ئەنقەرە بۆ ئەوەی پاشگەزی بکاتەوە، ئەوە بە ئەگەرێکی زۆر، تورکیا ئاسایشی ڕۆژاوا دەکاتە ئامانج و ناهێڵێت پەیەدە بەشداری لە حوکمڕانیی نوێی سووریادا بکات، یاخود ئەگەر ئەم ڕێگرییەیشی پێ نەکرێت، ئەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی ڕۆژاوا ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان لایەنە کوردییەکانی ڕۆژاوا هەیە، وەکوو دەرفەتێك بەکار دەهێنێ بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی و ستراتیژیی خۆی.

با ئەوەمان لەبەرچاو بێت؛ تورکیا لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سووریا، هیچ کێشەیەکی نییە لە بەشداریکردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی کوردانی ڕۆژاوا لە سووریا، بەڵام ئەوەی بۆ تورکیا هێڵی سوورە، جێگیربوونی چەکدارانی پەیەدەیە لە سووریا و کۆنترۆڵکردنیانە بۆ ڕۆژاوا.

**کۆبەند**

ساڵی 2025 ساڵێکی سەخت دەبێت بۆ تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی، چونکە لە لایەك لەسەر ئاستی ناوخۆدا چەندان قەیرانی جددی بەرۆکی دەسەڵات بەرنادات، کە لە سەرووی هەموویانەوە قەیرانی دارایی و ئابووری و دابەزینی توانای ئاستی کڕینی هاووڵاتیانە، بەتایبەت مووچەی خانەنشینان (کەمترین

بڕە مووچە بە 22.104 لیرەی تورکی بۆ ساڵی 2025 دیاری کرا)، کە ئەمانە گرنگترین دوو کێشەی ئابووریی ناوخۆیین؛ لەبەر ئەوەی یەکێك لە هۆکارەکانی شکستهێنانی ئاك پارتی لە دوایین هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکان  کە لە 31ی ئازاری ساڵی 2024 ئەنجام درا، کەمیی بڕی مووچەی خانەنشینان بوو و، حکوومەت کە ئاك پارتی سەرۆکایەتیی دەکات، نەیتوانی ڕێژەی مووچەی خانەنشینان زیاد بکات. ئەمەیش بووە هۆی ناڕەزایەتیی خانەنشینان، کە ژمارەیان لە شازدە ملیۆن خانەنشین نزیك دەبێتەوە. هەروەها پێشبینی دەکرێت بابەتی کەمترین بڕە مووچەیش کە بە 22.104 لیرەی تورکی دیاری کراوە، ناڕەزایەتییەکی فراوانی لێ بکەوێتەوە و ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاریگەریی خراپی بۆ سەر ژیانی سیاسیی تورکیا دەبێت.

بەرامبەر ئەمە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتییش لە ساڵی 2025، چاوەڕێ دەکرێت تورکیا لە سووریا بەتایبەت و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، ڕووبەڕووی چەندان گرفت و کێشە و هەڕەشە ببێتەوە، چونکە گۆڕانکارییەکی جددی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕووی داوە و ساڵی 2025یش دەبێتە دەسپێکی ئەم قۆناغە نوێیەی کە دروست بووە. تورکیا جگە لە هەڕەشەکانی سەری لەسەر ئاستی دەرەکی، دەتوانێ ئەم هەڕەشانە بگۆڕێت بۆ دەرفەت ئەگەر توانیی ستراتیژییەتێك پەیڕەو بکات کە دوور بێت لە ئامانجی نالۆژیکی و ناواقعی و، ئامادە بێت بۆ کرانەوە و چاکسازیی بنەڕەتی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، ئەمنی، سەربازی و، لە هەموویشیان گرنگتر لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، بەتایبەت لە بابەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل. مەرجە تورکیا لە بری سۆز و بنەمای نابەجێ، لۆژیکییانە و ژیرانە بیر بکاتەوە و کار بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەکی باشتر بکات لەگەڵ ئیسرائیل؛ بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەنقەرە بەخۆ نەکەوێت و پراگماتیکییانە بیر نەکاتەوە، ئەوە ساڵی 2025ی لێ دەبێتە دۆزەخێك کە لەوانەیە تیایدا بنەما سەرەکییەکانی حکوومەتی تورکیا (حکوومەتی ئەردۆغان) ڕووبەڕووی داڕمان ببێتەوە.